# کاک فایەق گوڵپی، ئەو جەردەییە سیاسیە ڕاگرن!

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

جێگای سەرسوڕمانم بوو کاتێک قسەکانی کاک فایەق گوڵپیم خوێندەوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی "هاوکاری مادیی" لە ڕەوەندەکانی بناری قەندیل. ئەو ئیعتیرافە ئاشکرایەی کە کاک گوڵپی دەیکات سەبارەت بە وەرگرتنی باجو سەرانە لە خەڵکی زەحمەتکێشی بناری قەندیل جەردەیی سیاسی نەبێت هیچی تر نییە. کەسێک سادە ترین بەها بۆ ئازادیو هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکان دابنێت ناتوانێت بەو زمانە بدوێ کە فایەق ئەو ووتارەی پێ نووسیوە. دەکرێت خەڵکو لایەنگرانی هێزێک خۆبەخشانە کۆمەک بە لایەنێکی سیاسی بکەن. بەڵام ئەوەی ئەمە وەک ئەرکیکی نیشتیمانیو نەتەوەیی بەسەر خەڵکدا بسەپینیت، ئەوا پرۆژەی دەسەڵاتیکی فاشیستیو سەرکوتگەری تریت کە خەڵکی ئەم ناوچە مەنکوبەی ئێمە بە ناسیۆنالیزم زۆریانی تەجروبە کردووە.

سەرۆکی پارتی چارەسەر دەڵێ:" *__لە هەر کۆمەڵگایەکدا کێشەیەک بێتە پێشەوە ئەرکی تاک و پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدەن، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کە سەدان ساڵە بووینەتە خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیی چارەسەرنەکراو، ئەم کێشە نەتەوەییەش سەرتایای چین و توێژ و پێکهاتە و تاکەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە، ئەرکی سەرشانی ئەو پێکهاتە و تاکانەی کۆمەڵگای کوردستانە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا بەشداری بکەن. ڕۆشنبیر بە نوسین و لێدوان و ڕونکردنەوە، پێشمەرگە و گەریلا بە ماندوبون و گیان بەخشین، سەرمایەدار بە هاوکاری مادی و مەعنەوی بەشداری شۆڕی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکەن."__* بەعسو هەموو ڕژێمە هاوشێوەکانیی لەم ناوچەیەدا بەهەمان ئەو لۆجیکەی دکتۆر فایەق کۆمەڵگایان ئیدارە کردووەو ئەرکە نیشتیمانیو نەتەوەییەکانیان بۆ خەڵک دیاری کردووە.

ئەمە چ مەنتقیکە کە تۆ وەک سیاسیەک دەکاتە خاوەنی بڕیاری خەڵک کە چۆن بەشداری لە "چارەسەری کێشەی نەتەوەیی" بکەن، یان لە بناغەوە بەشداری بکەن یان نا؟ بە کام میکانیزم کە زەرەیەک ئازادیو ڕیزگرتن لە ئازادی خەڵک تیایە تۆ توانیت خۆت بکەیتە خاوەنی "چارەسەری کێشەی نەتەوەیی"؟ کە خەڵک ئیتر هیچ کاریکی نییە قوربانی دان نەبێت لە پێناوی "چارەسەرەکەی" تۆدا. ئەمە ئەگەر وای دابنێین کە لە بناغەوە شتێک هەیە ناوی "چارەسەری کێشەی نەتەوەیی" بێت. بەڕاستی زۆر ڕۆشن دیارە کە ئەم مەنتیقەی دکتۆر فایەق قسەی پێ دەکات بە بارێکدا زۆر لە مەنتیقی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان دەچێت، کە ئینسان بە لایانەوە هیچ نیە پرۆژەی بەسەرنجام گەیاندنی "بەرنامەی خودا" نەبێت. ئاشکرایە کە پەکەکەو بێچووەکانی لە زۆر هەڵسوکەوتو تەقالیدیان نزیکایەتی زۆر ئاشکرایان لەگەڵ تیرۆیستە ئیسلامیەکاندا هەیەو ئەمە تەنها نموونەیەکی ئەو ڕاستیەیە.

کاک فایەق دەڵێت:" *__من لێرەدا بە ڕاگەیاندنەکانی باشوری کوردستان دەڵێم ئەگەر ئێوە بە تەنگ داهاتی ڕەوەندەکانی بناری قەنیلەوە دێن، حکومەتی هەرێم ڕازی بکەن هاوکاری مادی و سیاسی یاسایی (پ چ د ک) بکات، با ئێمەش دەست لە وەرگرتنی هاوکاری لەو ڕەوەندانە هەڵبگرین."__* ئەمە ئیتر ئەگەر ڕەهینەگرتنیکی ئاشکرا نەبێت چییە؟ خەڵکی بناری قەندیلو ڕاگەیاندنەکانی کوردستان چی بکەن کە ئێوە کێشەی مالیتان هەیەو یەکێتیو پارتی لە ئیمکاناتێک کە لە کۆمەڵگایان زەوتکردووە بەشتان نادەن؟ ئەمە چ مەنتیقێکە کە تۆ کۆتایی هێنان بە گوشار بۆ سەر خەڵکی بناری قەندیل ببەستیتەوە بە شەریکبوونەوە لە سەرەوتی زەوتکراوی خەڵکی کوردستانەوە؟ هەندێک لەوانەی خۆیان بە چەپ دەزانن لەگەڵ ئەم حیزبە ئیئتیلافیان کردووەو ئەم ساڵ یەکی ئایاریشیان پێکەوە کرد. بە ڕاستی ئەوانەی کە پییان وایە پارتیکی وەک پارتی چارەسەر دەتوانێت ئۆپۆزیسیۆنیکی پێشکەتووخوازی پارتیو یەکێتی بێت، دەبێت زۆر خاتریان بگیرێت ئەگەر پێیان بڵێن لە گوێی گادا نوستوون.

لە جیگایەکی تردا کاک فایەق گوڵپی دەڵێ:" *__لە شۆڕەکانی باشوری کوردستاندا کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بەڕێوەبران، یەک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی شۆڕش، هاوکاری خەڵکی کوردستان بووە، ئەو هاوکاریە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جوتیارانی کوردستان کۆکراوەتەوە، بە لای منەوە پەیداکردنی داهات بەو شیوەیە بە پێی سنورو پرنسیپی دیاریکراو کارێکی ئاسایە"__* ......پاشان دەڵێت: *__"ئەگەر هەریەک لە پارتی و یەکێتی لە دوای ڕاپەڕین و ڕوخانی ڕژێمی سەدام، بووبنە دەسەڵاتداری باشوری کوردستان و عراق، چی تر وەک جاران پێویستیان بە هاوکاری جەماوەری کوردستان نەمابێت وداهاتی کوردستان و چالاکی ئابوری ئەو وڵاتەیان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کردبێت، ئەوەتا (پ ک ک) تا ئەمڕۆش لە خەبات و تێکۆشانی گەریلاییدا بەردەوامە و نەبۆتە دەسەڵات، پێویستی بە هاوکاری هەمەجۆری ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەیە. بۆیە ئەگەر (پ ک ک) هاوکاری مادی لە ڕەوەندەکانی قەندیل و ناوچە کوێستانیەکانی تری کوردستان وەربگرێت، کارێکی ئاساییە و ئەرکی سەرشانی ئەو پێکهاتانەی کۆمەڵگای کوردستانە بە هاوکاری مادی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەیاندا بەشداری بکەن."__*

لەوە دەچێت تەنها ڕێگا بۆ ئەوەی خەڵکی بناری قەندیل لە دەست ئەم باجو سەرانە سەندنەی پەکەکە ڕزگاریان بێت ئەوەیە کە پەکەکەش وەک پارتیو یەکێتی ببێتە خاوەنی داهاتی کوردستانو ئەو ڕاووڕووتە دەست پی بکات کە ئەمان دەیکەن. خۆ بەراورد

کردن لەگەڵ پارتیو یەکیتیو ئەو گوشارەی جووڵانەوەی چەکداری ئەوان لە ڕابردوودا بۆ خەڵکی زەحمەتکێشی لادیکانی کوردستانی دەهێنا جگە لەوەی کە ئایندەی پارتیو یەکێتی ئاسای پەکەکەو پارتی چارەسەرو پژاک هەر لە ئێستاوە ئاشکرا دەکات هیچی تر ناڵێت. هەرکەس پێی وابووە کە ئەوەی بە ناهەق پێی دەوتریت گەندەڵی، ئەو ڕاوورووتە ئاشکراو ڕەسمیەی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان دەیکەن، بەرهەمی ئینحیرافی ئەخلاقی کۆمەڵیک بەرپرسی ئەم دوو حیزبەیە، با لەم ئیعتیرافە ئاشکرایەی گوڵپیەوە بۆی دەرکەوێت کە وا نییەو ئەمە بەشیکی دانەبڕاوی تەقالیدەکانی جووڵانەوەی کوردایەتیو ناسیۆنالیزمی کوردە. ئەم جووڵانەوە عەشیرەتییە هیچ شتیک بە خواستو ئاواتە ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستانەوە نایبەستێتەوەو هیچ پرۆژەیەکی تازەگەریو نوێرکردنەوەی لە هەگبەدا نییە. بە نەفەسی دەرەبەگێکەوە سیاسەت دەکات کە خاکو هەموو ئەوەی لەسەریشی دەژی بە موڵکی باپیرە گەورەی خۆی دەزانێت. تا لە موعارەزەیە بەکاریان دەهێنێتو لەسەریان دەلەوەڕێت کە سەریش کەوت ڕووتیان دەکاتەوەو لە برسا دەیانکوژێت.

ئەم مەنتیقە دەرەبەگایەتیو عەشیرەتییە کە هیچ بەهایەک بۆ ئینسان دانانێتو تاکی پێ ژمارەیەکی بێ نرخی هاوکێشە بە دەسەڵاتگەیشتنو بردنەوەیە، ناتوانێت ئیدیعای مۆدێرن بوونو هاوچەرخ بوون بکات. کوردایەتی بە هەموو فۆرمێکیەوە، بە دەسەڵاتدارو موعارەزەشەوە جووڵانەوەی سەندنەوەی ئیرادەو ئازادین لە ئینسان. مێژووی هەموو جووڵانەوەو حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان پڕن لە نموونەو فاکتی سەلماندنی ئەم ڕاستیە. بەڵام هێشتاش دەبێت سوپاسگوزاری فایەق گوڵپی بین کە بەم ڕۆشنیو بێ پەردەییە ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئازادیو پاوانخوازی حیزبەکەی (یان حیزبەکانی) خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات.

بەم قسانەی کاک فایەقدا دەردەکەوێت کە پەکەکە باجو سەرانە لە خەڵکی ناوچەی قەندیل کۆدەکاتەوەو ئەم کارە بە سەرپەرشتی حیزبەکەی فایەق گوڵپی ئەنجام دەدرێتو پارتی چارەسەر لەو بنارە تەنها ڕۆڵی بە شەرعی کردنو خۆماڵی کردنی ئەم ڕاوورووتە دەبینێتو لە بەرامبەردا لە داهاتدا شەریکیان کردۆتەوە. هەر بۆیە داوای بودجە دەکاتو دەیەوێت کە لەم لا شەریک بێت بۆ ئەوەی واز لە شەریکایەتی ئەولا بهێنیت. دەبێت بە کاک فایەق بڵێین ئەوە وایە کە دەسەڵاتدارێتی جووڵانەوەکەتان لە کوردستانو حوکمداری پارتیو یەکێتی گەلێک شتی لە خانەی شوورەیی کردۆتە دەرەوەو کردوونی بە یاساییو ئاسایی، بەڵام مەرج نییە ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە هەر وابێت. ئەگەر دەتانەوێت شتیک بۆ ئایندەتان بهێڵنەوە نەختێک موتەمەدین تر مامەڵەی خەڵک بکەن، دەست لەم جەردەییە "سیاسیە" هەڵگرن!